UNHCR
The UN Refugee Agency

# پەنابەری لە ئیرلەندا

## ڕێنمایی گەنجان



# زانیاریی تاکەکەسیی گرنگ

ناو: ..............................................................................................................................

وردەکاریی پەیوەندی: ..............................................................................................

ژمارە ژێدەری داواکاریی پەنابەری: ...............................................................................

ناو و وردەکاریی پەیوەندیی پارمەتیدەری کۆمەڵایەتیی توسلا (Tusla): ..........................................

....................................................................................................................................

ناو و وردەکاریی پەیوەندیی پارێزەر: ...............................................................................

....................................................................................................................................

ژمارەی PPS: ...................................................................................................................

یادداشتە تاکەکەسییەکانی من: .........................................................................................

....................................................................................................................................

....................................................................................................................................

....................................................................................................................................

....................................................................................................................................



# ناوەڕۆک


1. دەربارەی ئەم ڕێنماییە ........ 7
2. مەبەست لە داواکاریی پەنابەری چییە؟ ........ 9
3. پێش پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری ........ 15
4. ڕەوتی پەنابەری لە ئیرلەندا ........ 19
5. پڕۆسەی IPO ........ 23
6. بڕیاری IPO ........ 33
7. داواکاریی پێداچوونەوەی IPAT ........ 35
8. زانیاری دیکە ........ 43
9. مافەکانی تۆ ........ 47
10. ڕێکخراوەکانی دیکە ........ 51

# 1.

# دەربارەی ئەم ڕێنماییە

# ئەم ڕێنماییە بۆئەو منداڵ و گەنجە بێسەرپەرشتانەی بەدوای بەدەستهێنانی پەنابەری لە ئیرلەندان ئامادە کراوە.

ئەم ڕێنماییە قۆناغە جیاوازەکانی ڕەوتی پەنابەری ڕوون دەکاتەوە.[1] هەندێک وشە لە ڕەوتیڕەوتی پەنابەریدا مانایەکی تایبەتیان هەیە، کەواتە با سەرەتا سەیرێکی دەستەواژەی "منداڵانی بێسەرپەرشت" بکەین. **منداڵانی بێسەرپەرشت ئەو منداڵانەن کە باوانیان یان کەسانی بەتەمەنی دیکە کە بەرپرسی چاودێری ئەوانن، وەک سەرپەرشتێک، لەگەڵ ئەوان نین.**[2]

بۆ پێداچوونەوەیەکی ڕەوتی پەنابەری سەیری ئەنیمەیشنەکەمان بکە لە **www.unhcr.org**

لەم ڕێنماییەدا، عەلی وەک گەنجێکی بێسەرپەرشت باس لە ئەزموونی خۆی لە ڕەوتی پەنابەریدا دەکات.




1. خۆبواردن لە بەرپرسیارێتی: ئەم نامیلکەیە تەنیا بۆ زانیاری پێدانە، هیچ بنەمایەکی ڕاوێژکاریی یاسایی نیە و لەوانەیە بگۆڕدرێت.
2. بە پێی یاسای ئیرلەندا، کەسانێک کە تەمەنیان لە 18 ساڵ کەمتر بێت، بە منداڵ ئەژمار دەکرێن. دەستەواژەی " گەنج " لەم ڕێنماییەدا بە واتای هەرزەکاری خواروی تەمەن 18 ساڵانەیە.

# .2

# مەبەست لە داواکاریی پەنابەری چییە؟

# پێشکەشکردنی داوای پەنابەری لە ئیرلەندا بەم مانایەیە کە تۆ داوا دەکەی دەوڵەتی ئیرلەندا سەلامەتیت بپارێزێت، چونکە دەترسێی بگەڕێیتەوە وڵاتەکەت.

هەندێک جار بە "پەنابەری " دەکوترێت "پاراستنی نێودەوڵەتی". **ڕەوتی پەنابەری پرۆسەیەکە کە تێیدا حکومەتی ئیرلەندا لێکۆڵینەوە بۆ ئەم بابەتە دەکات کە بۆچی ناتوانی بگەڕێیتەوە وڵاتەکەی خۆت و بۆچی پێویستیت بە پەنابەری هەیە لە ئیرلەندا.**

لە ئیرلەندا، دوو جۆرە پاراستن لە بەرانبەر زیان پێگەیشتن لە وڵاتی خۆتدا هەیە:

1. **دۆخی پەنابەر**
2. **پاراستنی لاوەکی**

کاتێک داوای پەنابەری پێشکەش دەکەی، دەوڵەتی ئیرلەندا لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکات کە ئاخۆ تۆ پێویستیت بە دۆخی پەنابەر هەیە یان پێویستیت بە پاراستنی لاوەکی هەیە. لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکات کە ئاخۆ هیچ هۆکارێکی دیکە هەیە بۆئەوەی لە ئیرلەندا بمێنییەوە یان نا. بەمە دەوترێت مۆڵەتی مانەوە. یاسای سەرەکیی پاراستنی نێودەوڵەتی لە ئیرلەندا **یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015 یە.**

# پەنابەر کێیە؟

**پەنابەر ئەو کەسەیە کە لەبەر ترسی ئازاردران بە هۆی یەکێک یان چەندین هۆکاری خوارەوە ناتوانێت بگەڕێتەوە وڵاتەکەی خۆی:**

- **بیروڕای سیاسی**
- **ئایین**
- **نەژاد**
- **هاووڵاتی**
- **ئەندامێتیی لە "گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەت "**، بە واتایەکی دیکە گرووپێک لەم کەسانەی کە هەندێ شتی هاوبەشیان هەیە و ناتوانن بیگۆڕن. ئەوان بە هۆی ئەم تایبەتمەندییە هاوبەشانە لە کۆمەڵگاکەی خۆیاندا وەک گرووپێکی تایبەت سەیر دەکرێن و ڕەنگە بەرەوڕووی مەترسی بنەوە. لە تایبەتمەندییەکانی گرووپە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان دەکرێ ئاماژە بە ڕەگەز، هۆگریی ڕەگەزی و/ یان ئەندامێتیی پێشتری کەسێک لە گرووپێکی دیاریکراودا، وەک سەربازی پێشوو بێت، بکرێت.




ئەم هۆکارانە لەوانەیە بە هۆی بیروڕای سیاسی، ئایین، نەژاد، هاووڵاتیبوون یان ئەندامێتیی ئەندامێکی خێزانەکەت لە گرووپێکی کۆمەڵایەتیی تایبەتیدا بێت.
ئازاردان دەستەواژەیەکی یاساییە کە دەتوانی کۆمەڵێک بابەتی زۆری وەک خراپ مامەڵەکردن، توندوتیژی یان جۆرەکانی دیکەی زیانپێگەیاندن بگرێتەوە. پارێزەرەکەت دەتوانێ مانای ئازاردانت بۆ ڕوونبکاتەوە.

# پاراستنی لاوەکی چیە؟

ئەو کەسانەی کە دۆخی پەنابەرییان نادرێتێ لەوانەیە پاراستنی لاوەکییان بدرێتێ. **پاراستنی لاوەکی دەدرێت بەو کەسانەی کە ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان، مەترسیی زیانپێگەیشتنی جدیان لە سەرە.**

هەندێک نموونەی زیانی جدی بریتین لە:

- **سزای مردن**
- **ئەشکەنجە**
- **ئاکاری نامرۆڤانە یان سووکایەتی پێکردن**
- **هەڕەشەی جیدی لە سەر ژیانت لە کاتی شەڕکردن بە چەک**

ئەم دەستەواژانە ئاڵۆزن، بەڵام **پارێزەرەکەت** دەتوانێت ئەوانەت ئەوانت بۆ ڕوون کاتەوە بڵێ لەداواکارییەکەتدا چۆن باس دەکرێن.

لە هەندێک حاڵەتدا، لەوانەیە لەبەر هەندێک هۆکار ترس لە ئازاردران یان زیانی جدی ڕەنگە لە دوای بەجێهێشتنی وڵاتەکەی خۆت دروست ببێت. بۆئەوەی پەنابەریت بدرێتێ، پێوست ناکا لە وڵاتەکەی خۆت ئازار درابی یان زیانی جدیت پێ گەیشتبێت. لەگەڵ ئەوەشدا، گەر خۆت یان کەسێکی نزیکت لە ڕابردوودا ئازار درابێت یان زیانی جدی پێ گەیشتبێت، دەبێ ئەم بابەتە بە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتیی یان پارێزەرەکەت بڵێی، چونکە ئەم زانیارییانە لە کاتی لێکۆڵینەوە لە هۆکاری پێویستیی تۆ بە پەنابەریدا زۆر گرینگن.

# مۆڵەتی مانەوە چیە؟

**مۆڵەتی مانەوە جۆرێک مۆڵەتی کۆچکردنە ڕێگەت پێدەدات لە ئیرلەندا بمێنییەوە و بژیت، تەنانەت گەر مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکیت پێویست نەبێ.** لە بەر کۆمەڵێک هۆکار، بۆ نموونە لە بەر بارودۆخی خێزانی یان تاکەکەسی، مۆڵەتی مانەوە دەدرێت. لە کاتی بڕیاری مۆڵەتی مانەوەدا، وەزیری داد و یەکسانی لێکۆڵینەوە لەم بابەتانە دەکات:

- ماوەی مانەوەت لە ئیرلەندا و پەیوەندییە گرینگەکانت لەم وڵاتەدا
- هۆکارە مرۆڤ دۆستانەکان، وەکوو کێشەی جدی پزیشکی
- چۆنیەتیی ڕەفتار و هەڵسوکەوتت لە ئیرلەندا و وڵاتەکانی دیکەدا، لەوانەیش بەتاوانبارناسرانێتی بە هۆی ئەنجامدانی کردەی تاوانکارانە
- هۆکارە گرینگەکانی دیکە.

گەر هەر چەشنە زانیارییەکی دیکەت هەیە کە پێت وایە یارمەتیی داواکاریی مۆڵەتی مانەوەکەت دەدا، بە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پارێزەرەکەت بڵێ.

**بۆ نموونە لەوانەیە بارودۆخی تاکەکەسیت لە ماوەی ڕەوتی پەنابەریدا بگۆڕدرێت، لەوانەیە ئیشێکی چەندکاتژمێریی بدۆزییەوە یان کۆرسێکی ڕاهێنانی باڵاتێپەڕێنی ، کەوایە دڵنیا بە لەوەی ئەم گۆڕانکارییانە بە یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پارێزەرەکەت دەڵێی.**

# لە ماوەی ڕەوتی پەنابەریدا مافەکانی من چین؟

تۆ گشت ئەو مافانەت هەیە کە گەورەساڵەکان لە ڕەوتی پەنابەریدا هەیانە، بەڵام هەندێ مافی زیاتریش بۆ تۆ لە بەرچاو گیراوە، وەکوو:

- **مافی لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییەکانت:** ئەمەش بەو مانایەیە کە هەموو ئەم هەڵوێست وبڕیارانەی کە کاریگەرییان لەسەر تۆ دێبێت، دەبێ بە پێی باشترین سوودمەندیی بۆ تۆ بن.
- **مافی ڕا دەربڕین:** ئەمە واتا کاتێک گەورەساڵان بڕیارێک دەدەن کە کاریگەری لەسەر بارودۆخی تۆ دەبێت ، تۆ دەبێ بتوانی ئازادانە بیر و بۆچوونەکانت لە بارەیەوە بڵێی و قسەکانت دەبێ لەبەرچاو بگیرێن.



# .3

# پێش پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری

# لە حەڵەتێکدا وەک منداڵی بێسەرپەرشت ئەژمار دەکرێی کە تەمەنت خوارووی 18 ساڵان بێت، لە دەرەوەی وڵاتی خۆت و لە ئیرلەندا بی و باوان یان سەرپەرشتێکت لە گەڵ نەبێت.

وەک منداڵێکی بێسەرپەرشت لە ئیرلەندا، دەدرێیت بە تیمی منداڵانی جیاکراوەی خوازیاری پەنابەری لە**توسلا – ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان**. تا ئەو کاتەی کە تەمەنت خوارووی 18 ساڵانە بێ و لە ئیرلەندا بی، ئەم تیمە بەرپرسی چاودێریی تۆ دەبێت.

"لەبەر شەڕ ناچار بووم لە وڵاتەکەم ڕا بکەم.

**لە ماوەی گەشتێکی ئەستەم لە ڕێگای گەیشتنە ئێرەدا لە خێزانەکەم هەڵبڕام. کاتێک گەیشتمە ناو ئیرلەندا بە تاق و تانیا بووم."**



کاتێک دەنێردرێیە توسلا، **یارمەتیدەرێکی کۆمەڵایەتیت** بۆ دیاری دەکرێت کە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکات ئاخۆ پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری لە ئیرلەندا بە قازانجی تۆیە یان نا.

## "من یارمەتیدەری کۆمەڵایەتیم. من لە دابین کردنی گشت پێداویستییەکاندا یارمەتیی گەنجان دەدەم.

**ئەم پیداویستییانە دەتوانی ئەو شوێنە بێت کە تێیدا دەژین و دەچنە قوتابخانە و تەنانەت دەتوانی بەدیهێنانی پەیوەندی بێت لەگەڵ خێزانەکانیاندا. بە لە بەرچاوگرتنی پێداویستی و بەرژەوەندییەکانیان، لە گەڵ هەر گەنجێک پلانێکی چاوەدێری ڕێک دەخەم. وەک بەشێک لەم پلانی چاودێرییەدا هەندێک جار لە سەر ئەوەی کە گەنجەکە دەبێت داواکاریی پەنابەری بکات، ڕێک دەکەوین. بەگشتی بۆ بۆ گەیشتن بەم بڕیارە یارمەتی لە پارێزەرێک وەردەگرین."**



ئەگەر یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت بەو ئاکامە بگات دەبێ بۆ پەنابەری داواکاری پێشکەش بکەیت، تەلەفۆن دەکات بۆ**لیژنەی یارمەتی یارمەتی** بۆئەوەی پارێزەرێکت بۆ بدۆزێتەوە کە کارت لە گەڵ بکات. ئەم پارێزەرە ڕاوێژکاری یاساییت پێشکەش دەکات و لە ڕەوتەکەدا یارمەتیت دەدات.



**ڕۆڵی پارێزەرەکەت:** پارێزەرەکەت لە پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەریدا یارمەتیت دەدات. ئەو لە دەستنیشانکردنی هۆکاری ئەوەی کە بۆچی لە ئیرلەندا پێویستیت بە پەنابەری هەیە، یارمەتیت دەدات. گرنگەگشت خەم و پەرۆشییەکانت لەگەڵ ئەودا باس بکەیت. گەر لەگەڵ پارێزەرەکەتدا هەر جۆرە کێشەیەکت هەبوو، دەتوانی بە یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت بڵێی.



## گرینگ

**گەڕان بە شوێن خێزاندا:** لەوانەیە نەزانیت خێزانەکەت لەکوێیە، بەڵام دەتوانی پەیوەندی بە خاچی سووری ئیرلەندا بکەیت (یەکەی بەدیهێنانی پەیوەندی خێزاندا) بۆئەوەی لە دۆزینەوەی خێزانەکەتدا یارمەتیت بدەن. ئەم پرۆسەیەی گەڕان بە شوێن خێزاندا دەتوانی لە هەموو قۆناغەکانی ڕەوتی پەنابەری یان تەنانەت پێش ئەویش جێبەجێ بکرێت. ئەگەر پرۆسەی گەڕان بە شوێن خێزان لە بەرژەوەندیی تۆدا بێت، لەم بوارەدا توسلا یارمەتیت دەدات؛ و لەوانەیە ئەمە بەشێکیش بێت لە پلانی چاودێریت.

گەر لە کاتی ڕەوتی پەنابەریدا بە جۆرێک پەیوەندیت بە خێزانەکەتەوە گرت، دەبێ ئەم بابەتە بە یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت بڵێی.

# 4.

# ڕەوتی پەنابەری لە ئێرلەندا

# کێ بڕیار لە سەر داواکاریی پەنابەری دەدات؟

لە ئیرلەندا 2 فەرمانگە هەیە کە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکەن ئاخۆ پێویستیت بە پەنابەری هەیە یان نا:

- **فەرمانگەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPO):** ئەم فەرمانگەیە لێکۆڵینەوە لە سەر داواکاریی پەنابەریی تۆ دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی **www.ipo.gov.ie** بکە
- **دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی (IPAT):** گەر IPO بگاتە ئەو ئەنجامە کە تۆ پێویستیت بە پەنابەری نییە، ئەو کات دەتوانی پێداچوونەوەی بڕیارەکە لەم دادگایە بکەی. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی **www.protectionappeals.ie** بکە



## هێڵە گشتییەکانی ڕەوتی پەنابەری:

**1. داواکاریی پەنابەری**

سەرەتا دەنێردرێیە توسلا. یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت دەتوانێت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری پەنابەری یارمەتیت بدات، بەو مەرجەی پێی وا بێت ئەم کارە لە بەرژەوەندیی تۆیە. هەروەها لەم کاتەدا دەتوانیدەتوانی داوای پارێزەر بکەی.

↓

**2. چاوپێکەوتنی کورت**

کاتێک بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەری سەردانی IPO دەکەیت، چاوپێکەوتنێکی کورتت دەبێت.

↓

**3. پرسیارنامە**

IPO پرسیارنامەیەکت دەداتێ. ئەم پرسیارنامەیە هەندێک پرسیاری دەربارەی خۆت تێدایە. یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و/یان پارێزەرەکەت لەمبارەوە ڕێنماییت دەکەن.

↓

**4. چاوپێکەوتنی درێژ**

ئەمە چاوپێکەوتنی سەرەکیی تۆیە لە IPO کە تێیدا دەربارەی داواکاریی پەنابەرییەکەتدا پرسیاری زیاترت لێ دەتوانێت. یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت لەگەڵ تۆدا لەم چاوپێکەوتنەدا بەشدار دەبێت.

**5. بڕیار**

**پاش ئەم چاوپێکەوتنە، IPO بڕیار دەدات پێویستیت بە پەنابەری هەیە یان نا. گەر IPO بڕیار بدات پێویستیت بە پەنابەری هەیە ، ڕێگەی مانەوە لە ئیرلەندات پی دەدرێت و هەندێک ماف و جیاوکی دیاریکراوت دەبێ. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم یاسا و جیاوکانە سەردانی لاپەڕەی 47ی ئەم ڕێنماییە بکە.**

**6. داواکاریی پێداچوونەوە**

گەر IPO بڕیار بدات کە پێویستیت بە پەنابەری نییە، پارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و/یان پارێزەرەکەت دەربارەی ئەم بابەتە کە دەبێ بۆ بڕیاری IPAT داواکاریی پێداچوونەوە پێشکەش بکەیت یان نا، قسەت لەگەڵ دەکەن.

**7. دانیشتنی داواکاریی پێداچوونەوە**

گەر داواکاریی پێداچوونەوە پێشکەش بکەی، پارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و پارێزەرەکەت لە دانیشتنی داواکاریی پێداچوونەوە لە IPAT لەگەڵت دەبن.

**8. بڕیاری IPAT**

پاش دانیشتنەکە، IPAT بڕیار دەدات ئاخۆ IPO بڕیاری دروستی داوە یان نا. گەر IPAT بڕیار بدات کە پێویستیت بە پەنابەری هەیە ، ڕێگەت پێ دەدرێت لە ئیرلەندا بمێنییەوە و هەندێک ماف و دەسەڵاتی دیاریکراوت دەبێ. بۆ زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم یاسا و دەسەڵاتە سەردانی لاپەڕەی 47ی ئەم ڕێنماییە بکە. گەر IPAT لەگەڵ IPO دا هاوڕا بێت و بگاتە ئەو ئاکامەی پێویست بە پەنابەری نییە، پارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و/یان پارێزەرەکەت دەربارەی ئەوەی کە دەبێ لە قۆناغی دواتردا چی بکەیت قسەت لەگەڵ دەکەن.



# 5.

# پرۆسەی

# IPO

# با بە وردی سەیری هەرکام لە قۆناغەکانی ئەم ڕەوتە بکەین:

## چاوپێکەوتنی کورت

یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت لەگەڵت دێتە نووسینگەی IPO لە دوبلین و دەتوانی لەوێ داواکاریی پەنابەری پێشکەش بکەیت. فەرمانبەرێکی IPO چاوپێکەوتنێکی کورت لەگەڵ تۆ و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت دەکات. **لەم چاوپێکەوتنەدا پرسیار لەسەر ناسنامەی خۆت، ناسنامەی باوانت، وڵاتی خۆت، ڕێگەی گەشتەکەت هەتاکوو ئیرلەندا و هۆکارەکانت بۆ پێشکەشکردنی داواکاری دەکرێت.** گەر تەمەنت زیاتر لە 14 ساڵان بێت، وێنە و پەنجەمۆریشت لێ هەڵدەگیرێتەوە بۆئەوەی IPO بتوانێت ناسنامەکەت پشتڕاست بکاتەوە و لێکۆڵینەوە لەمە بکات کە ئاخۆ لە وڵاتێکی دیکەی یەکیەتی ئەورووپادا (EU) داواکاری پەنابەریت پێشکەش کردووە یان نا. هەروەها کارتێکی IPO و ژمارە ژێدەرێک بۆ داواکارییەکەت دەردەکرێت کە دەبێ هەمیشە لە لای خۆت بێت.

## پرسیارنامە

IPO داوات لێ دەکات پرسیارنامەیەک پڕ بکەیەوە و بۆ نووسینگەی IPO بینێرییەوە. ئەم پرسیارنامەیە پرسیاری زۆر **وردتر دەربارەی تۆ و داواکاریی پەنابەرییەکەتدا دەکات.** یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و/یان پارێزەرەکەت ڕێنماییت دەکەن کە چۆن ئەم پرسیارنامەیە پڕ بکەیەوە. پرسیارنامە پڕکراوەکە یارمەتیی فەرمانبەری IPO دەدات لە هۆکارەکانی ترس لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆت تێ بگات. هەروەها یارمەتیان دەدات بۆ ئامادەبوونیان بۆ چاوپێکەوتنێکی درێژ.



## چاوپێکەوتنی درێژ

IPO نامەی پەیوەست بە ڕێکەوتی کاتی دیدار بۆ چاوپێکەوتنی درێژ دەنێرێت بۆ پارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت. چاوپێکەوتنە درێژەکەت سەرەکیترین چاوپێکەوتنە کە لێکۆڵینەوە لەم بابەتە دەکات ئاخۆ پێویستیت بە پەنابەری لە ئیرلەندا هەیە یان نا. هەندێک جاربەم چاوپێکەوتنە دەکوترێت **چاوپێکەوتنی تاکەکەسی یان چاوپێکەوتنی سەرەکی.** پارێزەرەکەت و پارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت بۆ ئامادەبوون بۆ ئەم چاوپێکەوتنە یارمەتیت دەدەن. ئەو فەرمانبەرەی IPO کە لێکۆڵینەوە لەداواکارییەکەت دەکەن، هەموو بەڵگەکانت و لەوانەیش پرسیارنامەکەت دەخوێننەوە. هەروەها بەر لە چاوپێکەوتن زانیاریی دەربارەی وڵاتەکەی خۆت بەدەست دەهێنن ؛ بەم زانیاریيانە دەکوترێت **زانياریی وڵاتی سەرەکی** یان COI.

### بۆ چاوپێکەوتنەکەت وەرگێرت پێویستە یان دتهەوێ وەرگێرت هەبێ؟

ڕۆژێک پێش لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەت ئەم بابەتە بە پارمەتیدەری کۆمەڵایەتییەکەت یان پارێزەرەکەت بڵێ.

### فەرمانبەرێکی پیاو چاوپێکەوتنەکەت لە گەڵ ئەنجام بدات مورتاحتری یان فەرمانبەرێکی ژنی IPO؟

دەتوانی داواش بکەیت وەرگێرێکی پیاو یان ژن بۆ چاوپێکەوتنەکەت لەوێ بێت. ڕۆژێک پێش لە ڕۆژی چاوپێکەوتنەکەت ئەم بابەتە بە پارمەتیدەری کۆمەڵایەتییەکەت یان پارێزەرەکەت بڵێ. پاشان IPO هەوڵ دەدات بەپێی داواکارییەکەت، وەرگێر و وتووێژکەری پیاو یان ژنت بۆ دابین بکات.



# " من پێویستیم بە وەرگێر هەیە لەبەرئەوەی ئینگلیزی باش نازانم.

**قسەکردن لەسەر هەندێک بەشەکانی چیرۆکەکەم بۆم قورس و گرانە، پێم وایە دەبێ داوا لە ئەستەر بکەم بۆ ئەوەی بزانم دەکرێ وتووێژکەرێک و وەرگێرێکی ژنم هەبێت. ئەمە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مورتاحتر بم لە چاوپێکەوتنەکەدا."**

بەگشتی ئەم چاوپێکەوتنە نزیکەی 2 یان 3 کاتژمێر دەخایەنێت، بەڵام دەتوانی لەم ماوەیەدا چەند جارێک پشوو بدەی. **گەر پێویستیت بە پشوو هەبێت، دەتوانی بە فەرمانبەری IPO بڵێی و ئەویش دەرفەتی پێویستت دەداتێ.** پێویستە لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا ڕاستگۆ بی و ئەوەندەی دەکرێ وەبیر خۆت بێنییەوە، وردەکاری زیاتر باس بکەی. فەرمانبەری IPO چیرۆکەکەت ببیسێ و هەندێک پرسیارت لێدەکات بۆئەوەی یارمەتیت بدات بیڵێی. ئەمەگرنگترین دەرفەتی تۆیەبۆئەوەی گشت هۆکارەکانی بۆچی پەنابەری لەئیرلاندت پێویستەباس بکەیت. **لە کوتنی هەموو ئەو ئەزموونە ناخۆشانەی لە وڵاتەکەی خۆت هەتبووە بە فەرمانبەری IPO خۆت هەتبووە بە فە رمانبە ری IPO بڵێ.** ئە و قسانە ی لە چاوپێکەوتنەکەدا دەیانکەی **ناگوازرێنەوە** بۆ هیچکە س لە وڵاتە کە ی خۆت.

**گەر لە هەر کام لەم پرسیارانەی فەرمانبەری IPO لێتی دەکات تێناگەیت، ئاماژەی پێ بکە و داوای لێ بکە پرسیارەکەی دووبارە بکاتەوە یان جۆرێکی تر پرسیارەکەی بکات.** فەرمانبەری IPO ڕاپۆرتێکی نووسراوەی چاوپێکەوتنەکە ئامادە دەکات. جارجارە وتوێژەکە دەوستێنێت و تۆمارە نووسراوەکەی قسەکانی خۆتت بۆ دەخوێنێتەوە. فەرمانبەر پرسیاری ئەوەت لێ دەکات ئاخۆ تۆمارە نووسراوەکانی قسەکانی خۆت ڕاستن یان نا.

## گرنگ


کاتێک بەڵگە نووسراوەکانی قسەکانی خۆتت بۆ دەخوێندرێتەوە بەوردی گوێ بگرە. بزانە هەموو شتەکان ڕێک بەم شێوەیەی بۆخۆت وتبووت تۆمار کراون؟ ئاخۆ زانیارییە ئاماژەپێکراوەکانی ناو بەڵگە نووسراوەکان ڕاستن؟ ئاخۆ هیچ زانیارییەکی گرنگ هەیە نەنووسرابێت؟ بە فەرمانبەری IPO بڵێ ڕاستە یان نا. ئەو هەرچەشنە هەڵەیەک لە بەڵگە نووسراوەکاندا ڕاست دەکاتەوە. هەروەها لەوانەیە لەم ساتەدا شتێکت وەبیر بێتەوە کە کە پێشووتر لەیادت کردووە کە بیڵێیت. ئێستا کاتی ئەوەیە ئەو زانیارییانە بدەی بە فەرمانبەری IPO، لەبەرئەوەی لەوانەیە کاتی بڕیاردان بۆ داواکاریی پەنابەری بەڕاستی بەسوود بن. کاتێک دڵنیا بوویەوە تۆمارە نووسراوەکانی قسەکانی خۆت ڕاستن، دەتوانی واژۆیان بکەی. واژۆی تۆ بەو مانایەیە کە هەموو زانیارییە نووسراوەکانی ئەم لاپەڕەیە ڕاست و دروستن.

# ژووری چاوپێکەوتن لە IPO بەم شێوەیەیە.

لە ماوەی چاوپێکەوتنەکەدا هەر کەس ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە و لە شوێنێکی دیاریکراودا دادەنیشێت. با بە وردتر باسی ڕۆڵی کەسە جیاوازەکان بکەین لە ژووری چاوپێکەوتنەکەدا.




وەرگێڕ
فەرمانبەری IPO



## فەرمانبەری IPO

فەرمانبەری IPO بەرپرسی چاوپێکەوتنەکەیە. ئەو دەربارەی داواکاریی پەنابەرییەکەت پرسیارت لێ دەکات و بەوردی گوێ لە هەموو ئەم شتانە ڕادەگرێت کە تۆ باسیان دەکەیت. ئەو زانیارییەکان لە کۆمپیوتەر یان کاغەزدا تۆمار دەکات. بەوە دەکوترێت **تۆماری چاوپێکەوتن**.






## یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی

یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت لەگەڵ تودا لە چاوپێکەوتنەکەدا ئامادە دەبێت. ئەو لەوێیە بۆئەوەی پاڵپشتیت بکات، بەڵام چاوەڕوان دەکرێ  خۆت وەڵامی پرسیارەکان بدەیەوە. لە کۆتایی چاوپێکەوتنەکەدا، لەوانەیە پێش کۆتایی دانیشتنەکە فەرمانبەری IPO لە یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت پرسیار بکات بۆ ئەوەی ئاخۆ ئاخۆستە ڕوونکردنەوەی دیکە زیاد بکات یان نا. هەروەها گەر پارێزەرەکەت بە پێویستی بزانێت، دەتوانی ڕەنگە خۆشی لە چاوپێکەوتنەکەدا بەشدار بێت.




هەروەها دەتوانی وەرگێڕێکت لەگەڵ بێت بۆئەوەی لە کاتی چاوپێکەوتنەکەدا یارمەتیت بدات. وەرگێڕەکە یارمەتی تۆ، فەرمانبەری IPO و ئەو کەسانەی دیکەی ناو ژووری چاوپێکەوتنتدا ئەمادەن دەدات بۆ ئەوەی پێکەوە گفتوگۆ بکەن. وەرگێڕەکان هەم بە زمانی ئینگلیزی و هەم بە زمانی تۆ قسە دەکەن.

وەرگێڕەکە ، پرسیارەکانی فەرمانبەری IPO وەردەگێڕێتە سەر زمان تۆ و قسەکانی تۆش وەردەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی. ئەو ڕۆڵێکی گرنگی لە دروستکردنی پەیوەندیدا هەیە، بۆیە گرنگە لە دەستپێکدا تاقی بکەیەوە بۆ ئەوەی بزانی لە یەکتر تێدەگەن یان نا.

لە بیرت بێت وەرگێڕەکان بۆیان نیە ڕا و بۆچوونی خۆیان ڕابگەیێنن یان قسەکانی تۆ بگۆڕن. وەرگێڕەکە تەنیا بۆ بۆ یارمەتیدانی دروستکردنی پەیوەندی لەوێیە و هیچ ڕۆڵێکی لە بڕیارداندا نیە.

وەرگێڕەکان بۆیان نیە زانیاریی تۆ بە کەسانی دیکە بڵێن. ئەوان دەبێ نهێنیێتی چاوپێکەوتنەکە بپارێزن، هەر بۆیەش نیگەرانی ئەوە مەبە کە هۆکارەکانی ترس لە گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت لە لای وان بڵێی.

## گرنگ

**گەر زۆر بە باشی لە قسەکانی وەرگێڕەکەت تێناگەی، دەبێ دەستبەجێ فەرمانبەری IPO یان یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت ئاگادار کەیەوە. ئەمە کاریگەری خراپی نابێت لەسەر داواکاریی پەنابەریت و تەنیا لەوانەیە بەم واتایە بێت کە چاوپێکەوتنی IPO لە ڕۆژێکی دیکەدا و لەگەڵ وەرگێڕێکی تردا کە لە قسەکانی تێبگەی بەڕێوە دەچێت.**

پاش چاوپێکەوتن، فەرمانبەری IPO لێکۆڵینەوەی زیاتر لە سەر داواکاریی پەنابەرییەکەت دەکات. بۆ ئەو مەبەستەش ئەو بابەتانەی خوارەوە لەبەرچاو دەگرێت:

- **ئەو زانیارییانەی پێشکەشت کردووەن لەسەر ڕووداوێک کە لە ڕابردوودا بۆ خۆت یان کەسانی نزیک لە تۆ ڕوویان داوە**
- **بارودۆخی گشتیی وڵاتەکەی تۆ، لەوانە ئەو زانیارییانەی دەربارەی وڵاتی سەرەکی وەدەست هاتوون**
- **لە ئەگەری گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت، تا چەند لە ژێر مەترسیی زیان و ئازاردا دەبیت**

هەندێک کات داوا لە هەندێک کەس دەکرێت بۆ ئەوەی دووبارە بە مەبەستی چاوپێکەوتنی دووهەم بچنەوە نووسینگەی IPO، ئەمە لەکاتێکدا بەدی دێت کە هەندێک زانیاری پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەبێت یان خود فەرمانبەری IPO پرسیاری زیاتری هەبێت.



**دەتوانی زانیاریی زیاتر دەربارەی ڕەوتی پەنابەریی منداڵ و گەنجانی بێسەرپەرشت لە نامیلکەی زانیاریی نووسینگەی نێودەوڵەتی منداڵانی بێسەرپەرشت/ منداڵانی بەجێماو کە داواکاریی پارستنی نێودەوڵەتی دەکەن، وەدەست بهێنی.**

## "چەند هەفتە پاش چاوپێکەوتنە درێژەکەم لەگەڵ فەرمانبەری IPO، دوبارە تەلەفۆنیان بۆ کردم بۆئەوەی چاوپێکەوتنێکی دیکەم لە گەڵدا بکەن.

**من خەفەتم دەخوارد، بەڵام ئەستەر، یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەم دڵنیای کردمەوە کە چاوپێکەوتنی دوبارە هیچ کێشەیەکی نییە. هەڵسوکەوتی فەرمانبەری IPO زۆر برادەرانە بوو و تەنیا دەیهەویست دوبارە لێکۆڵینەوە لە سەر هەندێک زانیاریی پەیوەست بە داواکارییەکەم بکاتەوە."**



# .6

# بریاری

# IPO

# ماوەیەک پاش چاوپێکەوتن، یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت بڕیاری IPOی پێ دەگات.

ئەم بڕیارە جۆرێک پێشنیارە و گەر مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکیت بدرێتێ، نامەیەکی فەرمی دیکەت لە وەزیری داد و یەکسانی بۆ دێت کە پێی دەوترێت ڕاگەیاندن. تکایە چاوەڕێ کە، لەبەرئەوەی هەندێک جار ماوەیەک دەخایەنێت بۆئەوەی بڕیاری کۆتایی لەسەر داواکاریی پەنابەریت پێ بگات.

ڕەنگە ژمارەیەک بڕیاری جیاوازت پێ بگات، وەکوو:

- **پێدانی دۆخی پەنابەری (بڕیاری ئەرێنی)**
- **پێدانی پاراستنی لاوەکی. گەر پاراستنی لاوەکیت بدرێتێ، دوبارە دەتوانیت سەبارەت بە بڕیاری پێنەدانی مافی پەنابەری داوای پێداچوونەوە بکەی.**
- **گەر هیچ کام لە دۆخی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکیت پێ نەدرێت، "وەزیری داد و یەکسانی" بڕیار دەدات ئاخۆ مۆڵەتی مانەوەت بدرێتێ یان نا. گەر مۆڵەتی مانەوەت بدرێتێ، دیسان دەتوانی سەبارەت بە بڕیاری پێنەدانی مافی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی داوای پێداچوونەوە بکەی.**

پاش بەدەستگەیشتنی بڕیاری IPO پارێزەر و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت لەسەر ئەو بژاردانەی هەتە قسەت لە گەڵ دەکەن.

# 7.

# داواکاریی پێداچوونەوەی IPAT


# گەر IPO دۆخی پەنابەری یان پاراستنی نێودەوڵەتیت نەداتێ، دەتوانی داواکاریی پێداچوونەوەی پەیوەست بەم بڕیارانە پێشەکشی IPAT بکەی.

گەر IPO پاراستنی لاوەکی دایەی، بەڵام هەستت کرد دەبا بارودۆخی پەنابەریت درابایە، دەتوانی بۆ ئەم بڕیارەش داوای پێداچوونەوە پێشکەش بکەی. گەر ئەم بژاردانە لە کەیسەکەتدا هەبن، پارێزەر و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت دەربارەی ئەوبژاردانەدا ڕێنماییت دەکەن.

مەبەست لە پێشکەشکردنی داواکاریی پێداچوونەوە بۆ بڕیاری IPO چییە؟ **ئەمە بەو مانایەیە کە تۆ پێت وایە بڕیاری IPO هەڵە بووە و تۆ پێویستیت بە پەنابەری هەیە لە ئیرلەندا.** پاشان دادگایەکی سەربەخۆ بە ناوی IPAT لە بڕیارەکە دەکۆڵێتەوە بۆ ئەوەی بزانێت بڕیارەکە ڕاست بووە یان نا.

کاتێک پارێزەرەکەت داواکاریی پێداچوونەوەی پەیوەست بە بڕیاری IPAT پێشکەش دەکات، بەرواری **دانیشتنی داواکاریی پێداچوونەوەی** IPAT پێ ڕادەگەیێندرێت. لەم دانیشتنەدا، یارمەتیدەرە وەرگێرەکە ، پارێزەرەکەت و فەرمانبەرێکی IPO لەگەڵ ئەندامێکی داگای IPAT کۆ دەبنەوە. پارێزەرەکەت ڕوونی دەکاتەوە بۆچی ئەو پێی وایە کە IPO بڕیاری هەڵەی داوە. لەوانەیە ئەندامەکەی دادگاش لە دانیشتنەکەدا پرسیارت لێ بکا.

" لە ماوەی دانیشتنی پێداچوونەوەدا، ئەندامەکەی دادگا ڕێک ئەو پرسیارانەی لە من کرد کە فەرمانبەری IPO پێشتر لێی پرسیبووم. یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەم و پارێزەرەکەم پێشتر منیان بۆ دانیشتنەکە ئامادە کردبوو، هەربۆیە دەمزانی دەبێ چاوەڕێی چی بکەم. لە دەستپێکی ئەم ڕەوتەدا، ئەندامەکەی دادگا پرۆسەکەی بە جۆرێک بۆ ڕوون کردمەوە کە زۆر ئاسان لێی تێدەگەیشتی."



# ڕواڵەتی ژووری دانیشتنی IPAT بەم شێوەیەیە.

لە ماوەی داواکاریی پێداچوونەوەدا. هەر کەس ڕۆڵێکی تایبەتی هەیە و لە شوێنێکی دیاریکراودا دادەنیشێت. با بە وردتر باسی ڕۆلی کەسە جیاوازەکان بکەین لە ژووری چاوپێکەوتنەکەدا.




فەرمانبەری نوێنەری IPO
ئەندامی IPAT




ئەندامەکەی دادگا بەرپرسی دانیشتنەکەیە. ئەو دەربارەی داواکاریی پەنابەرییەکەت پرسیارت لێ دەکات و بەوردی گوێ لە هەموو ئەم شتانە ڕادەگرێت کە تۆ باسیان دەکەیت. هەروەها لەوانەیە لە ماوەی دانیشتنەکەدا هەندێک یادداشت هەڵگرێتەوە.





دەتوانی وەرگێڕێکت هەبێ بۆئەوەی کاتی پێداچوونەوە یارمەتیت بدات. وەرگێڕەکەت، یامەتی تۆ و ئەندامەکەی دادگا و کەسەکانی دیکەی ناو ژووری دانیشتنەکە دەدات بۆ ئەوەی پێکەوە گفتوگۆ بکەن. وەکوو IPO، ڕۆڵی وەرگێڕ، وەرگێڕانی هەموو ئەو قسانەیە کە تۆ، ئەندامەکەی دادگا و کەسەکانی دیکەی ناو ژووری دانیشتنی پێداچوونەوەکە دەیکەن. دەبێ دڵنیا ببی کەلە قسەکانی وەرگێڕەکە تێدەگەیت. گەر لە قسەکانی وەرگێڕەکە تێنەگەیشتی، دەبێ دەستبەجێ ئەم بابەتە بە ئەندامەکەی دادگا و/ یان یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت ڕابگەیێنی. لە بیرت بێت کە ئەمە کاریگەری خراپی **نابێت** لەسەر داواکاریی پەنابەرییەکەت و تەنیا لەوانەیە بەم واتایە بێت کە دانیشتنی IPAT لە ڕۆژێکی دیکەدا و لەگەڵ وەرگێڕێکی تردا کە لە قسەکانی تێبگەی بەڕێوە دەچێت.



## یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی و پارێزەر

یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و پارێزەرەکەت لەگەڵت دێنە دانیشتنی پێداچوونەوەکە. ئەوان هاتوونە ئەوێ بۆئەوەی پشتگیریت بکەن، بەڵام داوات لێ دەکرێت بۆخۆت وەڵامی پرسیارەکان بدەیەوە. هەندێک جار ئەندامەکەی دادگا داوا لە پارێزەر و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت دەکات دەربارەی هەندێک پرسی پەیوەست بە داواکاریی پەنابەرییەکەت بە نوێنەرایەتی تۆ قسە بکەن. پارێزەرەکەت هۆکاری یاسایی دەربارەی هۆکاری ئەوەی کە بۆچی تۆ پێویستیت بە پەنابەری هەیە، دەخاتە ڕوو.



## فەرمانبەری نوێنەری IPO

فەرمانبەرێکی IPOش لە دانیشتنەکەدا دەبێت. لە دانیشتنی IPATدا، ئەندامەکەی دادگا دەتوانێت لەسەر بڕیاری IPO پرسیار لەم فەرمانبەرە بکات.

## شایەت

هەندێک جار لەوانەیە شایەتەکان لە دانیشتنەکەی IPAT دا بەشدار بن. شایەێک زانیاریی پەیوەست بە داواکاریی پەنابەریت بە ئەندامەکەی دادگا ڕادەگەیێنێت، بۆ نموونە گەر بزانێت لە ڕابردوودا ڕووداوێک بۆ تۆ و/ یان بۆ خێزانەکەت ڕووی داوە. گەر ئەم بابەتە پەیوەست بێت بە داواکاری پەنابەرییەکەت، پارێزەرەکەت لەمبارەوە گفتوگۆت لەگەڵ دەکات.

گەر ئەندامەکەی دادگا پێی وابێت کە IPO بڕیاری هەڵەی داوە، ئەوە بڕیارێکی نوێ دەدەن. پاشان وەزیری داد و یەکسانی، بەپێی بڕیاری ئەندامەکەی دادگا، ڕاگەیاندنێک بۆ پێدانی دۆخی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی دەر دەکات.



**IPAT ڕێنمایی تایبەتی بۆ دانیشتنی پێداچوونەوەی پەیوەست بە منداڵان و گەنجان هەیە. بۆ زانیاریی زیاتر، سەیری ڕێنماییەکانی دادگای پێداچوونەوەی پاراستنی نێودەوڵەتی بکە ژمارە 2017/5 داواکاریی پێداچوونەوەی داواکارانی منداڵان**



## گەر داواکاریی پێداچوونەوەکەت لە لای IPAT سەرکەوتوو نەبێت و پێشتر IPO پاراستنی لاوەکی یان مۆڵەتی مانەوەی نەدابێت بە تۆ، **5ڕۆژت** کات بۆ پێشکەشکردنی زانیاریی نوێ بۆ وەزیری داد و یەکسانی هەیە.

ئەم زانیارییانە ڕوونی دەکاتەوە بۆچی دەبێ مۆڵەتی مانەوەت بدرێتێ. پێویستە تۆ، یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و/یان پارێزەرەکەت بە زووترین کات ئەمم زانیارییانە پێشکەش بکەن. پاشان وەزیری داد و یەکسانی لە بڕیاری سەرەتایی پێنەدانی مۆڵەتی مانەوەت دەکۆڵێتەوە. گەر مۆڵەتی مانەوەت نەدرێتێ، پارێزەر و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت لەسەر هەموو ئەو بژاردانەی هەتە، لەوانە، گەر لە بەرژەوەندیی تۆدا بێت، گەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی خۆت لە گەڵ خێزانەکەتدا، قسەت لەگەڵ دەکەن.



# 8.
# زانیاری دیکە

# ڕەوتی هەڵسەنگاندنی تەمەن چییە؟

هەندێک جار گەر فەرمانبەری IPO یان یارمەتیدەری کۆمەڵایەتی توسلا گومانیان لە تەمەنت هەبێت، لەوانەیە هەڵسەنگاندێکی تەمەنت بۆ ڕێک خەن. ئەمەش دەتوانێ چاوپێکەونێکی جیا لە گەڵ IPO و/ یان توسلا بگرێتەوە. گەر هەر جۆرە بەڵگەیەکی پەیوەست بە ناسنامەکەت، بەڵگەی لەدایکبوون یان زانیاریی دیکەت هەیە کە نیشانی دەدات تەمەنت چەندە، بە یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت و پیشانی پیشانی فەرمانبەری IPOی بدە. گەر IPO بگاتە ئەو ئەنجامە کە تەمەنت لە 18 ساڵ زیاترە، بۆ مەبەستی داواکاریی پەنابەریی ئەوە وەک کەسێکی گەورە ساڵ بەدواداچوون بۆ ڕەوتی پەنابەرییەکەت دەکرێت. ئەوەیش بەم مانایەیە کە دەبێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی ئێستا بڕۆی و بچیتە شوێنێکی نیشتەجێبوونی جیاواز لەوەی ئێستا کە بە ناوەندی دابینکاریی ڕاستەوخۆ ناسراوە.

# یاسای دوبلینی یەکیەتی ئەورووپا چییە؟

یاسای دوبلینی یەکیەتی ئەورووپا(EU) ڕێکەوتننامەیەکی نێوان وڵاتانی ئەورووپایە. ئەم ڕێکەوتننامەیە هەندێک یاسا دەر دەکات کە دیاری دەکات کام وڵاتی ئەورووپا دەبێ لە داواکاریی پەنابەرییەکەت بکۆڵێتەوە. بەو یاسایانە دەوترێت دوبلین لەبەرئەوەی ئەم ڕێکەوتننامەیە لە دوبلین واژۆ کراوە.

ئاخۆ دایک، باوک، خوشک، برا، پوور یان مام و خاڵۆت لە وڵاتێکی تری یەکیەتی ئەرووپادا دەژین؟ دەتهەوێ بڕۆیە لای ئەوان؟ تکایە بە زووترین کات زانیاریی پەیوەست بە ئەندامانی خێزانەکەت لە وڵاتانی تری یەکیەتی ئەرووپا بە پارێزەر و یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت ڕابگەیێنە. پاشان IPO دەتوانێت داوا لە وڵاتانی دیکەی یەکیەتی ئەورووپا بکات لێکۆڵینەوە لە داواکاریی پەنابەرییەکەت بکەن بۆئەوەی بتوانی بڕۆیە ئەوێ و لەگەڵ خێزانەکەتدا بی.

پارێزەرەکەت دەتوانێت لەمبارەوە کە ئاخۆ یاساکانی دوبلین تۆ دەگرنەوە یان نا، زانیاریی زیاترت بداتێ.

# پێشەنگیپێدان چیە؟

لەوانەیە لە یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت یان پارێزەرەکەت بیستبێتت کە قسە لە سەر پێشەنگیپێدانی داواکارییەکەت دەکەن. ئەمە یانی ئەگەر داواکارییەکەت لە دەستەیەکی تایبەتدا بێت، لەوانەیە "پێشەنگی" بدرێتێ و چاوپێکەوتنەکەت بە زووترین کات بەڕێوە بچێت. هۆیەکانی پێشەنگیپیدانی داواکاری بریتین لە: گەر منداڵی بێسەرپەرشتی، کێشەی جدی تەندروستیت هەبێت یان خەڵکی یەکێک لەم وڵاتانە بیت: سوریا، ئیریتریا، عێراق، ئەفغانستان، ئێران، لیبیا و سومالیا.

# لە کاتێکدا کە داواکاریی پەنابەرییەکەم لێکدانەوەی بۆ دەکرێت، دەتوانم کار بکەم؟

گەر لە ماوەی 9 ڕۆژ لە ڕێکەوتی پێشکەشکردنی داواکاریی پەنابەرییەکەتدا بڕیاری IPO ت بە دەستت نەگەیشتبێت، لەوانەیە ڕێک وەک منداڵێکی ئیرلەندا مۆڵەتی کار کردنت بدرێتێ. یاسای تایبەت هەیە بۆ دامەزراندنی منداڵان لە ئیرلەندا، بۆ نموونە، منداڵانی خوارووی 16 ساڵ بۆیان نیە کاری تەواوکات بکەن بەڵام دەتوانن لە پشووی هاویندا هەندێک کاری تایبەت بکەن. یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت سەبارەت بە مافی کارکردن زانیاریی زیاترت پێشکەش دەکات.



**دەتوانی زانیاریی زیاتر لەسەر یاسای دوبلینی یەکیەتی ئەورووپا لە نامیلکەی منداڵانی خوازیاری پاراستنی نێودەوڵەتی IPO بۆ منداڵان لە ڕەوتی دوبلین بخوێنیەوە.**

**دەتوانی زانیاریی زیاتر لەسەر سیاسەتی پێشەنگیپێدانی IPO لە پێشەنگیپێدانی داواکارییەکان بۆ پاراستنی نێودەوڵەتی بەپێی یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی 2015 بخوێنییەوە.**



# 9.

# مافەکانی تۆ

# مافەکانی تۆ لە ئەگەری پێدانی دۆخی پانابەری یان پاراستنی لاوەکی

گەر دۆخی پانابەری یان پاراستنی لاوەکیت بدرێتێ
هەندێک مافی دیاریکراوت دەبێ کە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- مۆڵەتی نیشتەجێبوون لە ئیرلەندا، لانی کەم بۆ ماوەی 3 ساڵ.
- گەر پێتخۆش بێ، رێگەت پێ دەرێت وەک منداڵانی ئیرلەندا کار بکەیت.
- دەتوانیت وەک منداڵانی ئیرلەندا لە خولەکانی پەروەردە و خوێندنی سەرەتایی و مامناوەندی و هەروەها ڕاهێناندا بەشداری بکەیت و پاش سێ ساڵ نیشتەجێبوون لەوانەیە مەرجی خوێندنی بێبەرامبەر لە خوێندنی باڵاتدا هەبێت.
- دەتوانی هەمان سوودەکانی خۆشبژێویی کۆمەڵایەتی و چاودێری پزیشکی منداڵانی ئیرلەندا وەربگریت.
- دەتوانێ ڕێک وەک خەڵکی ئیرلەندا گەشت بۆ دەرەوەی وڵات بکەیت ، بەڵام لەوانەیە ڤیزەت پێویست بێ بۆئەوەی برۆیە وڵاتێکی تر و/یان پێویست بێ بۆ بەدەستهێنانی بەڵگەی گەشت (وەک پاسپۆرت) داوکاری پێشکەش بکەی. گەر دۆخی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکیت هەیە بۆ داواکاری بەڵگەی گەشت یاساکان جیاوازن، هەر بۆیە لەم بارەوە لەگەڵ یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت قسە بکە.
- دەتوانی داوا لە وەزیری داد و یەکسانی بکەیت ڕێگە بدات ئەندامانی نزیکی خێزانەکەت بێنە ئیرلەندا و لەگەڵ تۆدا بژین؛ بەمە دەوترێت یەکخستنەوەی خێزان. داواکاری یەکخستنەوەی خێزان دەبێ 12 مانگ پاش بەرواری پێدانی دۆخی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی پێشکەش بکرێت.
- گەر دۆخی پەنابەریت هەبێت، دەتوانی پاش 3 ساڵ داوای بوون بە هاووڵاتی ئیرلەندا بکەیت. گەر پاراستنی لاوەکیت بدرێتێ، دەتوانی پاش 5 ساڵ داوای بوون بە هاووڵاتی ئیرلەندا بکەی.

# بەپێی داواکاریی یەکخستنەوەی خێزان، دەتوانی بۆ کام ئەندامی خێزان داواکاری پێشکەش بکەیت؟

کاتێک دۆخی پەنابەری یان پاراستنی دەدرێتێ و هەتا ئەو کاتەی بێسەرپەرشتی و تەمەنت خوارووی 18 ساڵان بێت، دەتوانی داوا بکەیت ئەم ئەندامانەی خوارەوەی خێزانەکەت بێنە ئێرلەندا و لەگەڵ تۆدا بژین.

- **باوانی تۆ**
- **برا و خوشکەکانت، گەر تەمەنیان خوارووی 18 ساڵان بێت و هاوسەرگیریان نەکردبێت**

بەپێی یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی، وەزیری داد و یەکسانی تەنیا لە هەندێک بارودۆخی سنووردارادا دەتوانێت داواکاریی لەم شێوەیە ڕەت کاتەوە. بەگشتی، تەنانەت گەر تەمەنیشت بووبێت بە 18 ساڵان هێشتا ڕەنگە بتوانی داوای یەکخستنەوەی خێزان بکەی یان داوا بکەی خزم و کەسی دیکە بێنە لای تۆ، بەڵام ئەمە پەیوەستە بەو بارودۆخەی تێیدای. یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت لەمبارەوە قسەت لەگەڵ دەکات و بۆ پێشکەشکردنی داواکاری یەکخستنەوەی خێزان یارمەتیت دەدات.



## گرنگ

دەبێ لە **ماوەی 12 مانگ** پاش بەدەستهێنانی دۆخی پەنابەری یان پاراستنی لاوەکی و بەپێی یاسای پاراستنی نێودەوڵەتی بۆ یەکخستنەوەی خێزان داواکاری پێشکەش بکەی. لە بیرت بێت داوا لە یارمەتیدەرە کۆمەڵایەتییەکەت بکەی بۆ ئامادەکردنی داواکاریی یەکخستنەوەی خێزان یارمەتیت بدات.

# مافەکانت گەر مۆڵەتی مانەوەت بدرێتێ

مۆڵەتی مانەوە واتا دەتوانی بۆ ماویەکی دیاریکراو و بەپێی بارودۆخێکی تایبەت لە ئیرلەندا بمێنیتەوە. گەر وەزیری داد و یەکسانی دلنیا بێتەوە مەرجەکان پێشێل نەکراون، لەوانەیە ئەم مۆڵەتە لە کۆتاییدا درێژ بکرێتەوە. پاش ئەوەی 5 ساڵ لە ئیرلەندا ژیای، دەتوانی داوای بوون بە هاوڵاتی ئیرلەندا بکەیت.

"زۆر خۆشحاڵ بووم کاتێک دۆخی پەنابەریم پێدرا. ئێستا دەتوانم لە ئیرلەندا پلان بۆ داهاتووم دارێژم."



دەتوانی زانیاری زیاتر لەسەر مافی خۆت لە هەر کام لە **نووسینگەکانی زانیاری هاووڵاتییاندا بە**دەست بێنیت.

# 10.

# وردەکاری ئەو ڕێکخراوانەی دەتوانی بۆ وەرگرتنی پارمەتی پەیوەندیان پێوە بکەی

## تیمی منداڵانی بەجێماوی خوازیاری پەنانەری، توسلا- ڕێکخراوەی منداڵ و خێزان

دەتوانی بەم ناونیشانەوە پەیوەندی پێوە بکەی Sir Patrick Dun's Hospital,
Lower Grand Canal Street, Dublin 2 D02 P667 یان بەم ژمارە تەلەفۆنە تەلەفۆنیان
بۆ بکەی 01 647 7000. بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
**www.tusla.ie/services/alternative-care/separated-children/**

## لێژنەی یارمەتیی یاسایی (LAB)،
## یەکەی منداڵانی بەجێماو (خزمەتگوزاری یاسایی پەنابەران)

ڕاوێژکاریی یاسایی پێشکەشی پانابەران دەکات ، کە ئەو منداڵانەی لە ڕەوتی پەنابەریش دان
دەگرێتەوە. ناونیشانی نووسینگە سەرەکییەکەیان ئەمەی: North Brunswick Street 48-49,
Georges Lane, Smithfield, Dublin 7, D07 PE0C. دەشتوانی بە تەلەفۆن و بەم ژمارەیە
**1800 23 83 43** یان بەم ئیمەیلە **smithfieldlawcentre@legalaidboard.ie** پەیوەندیان پێوە
بکەی. دەتوانی زانیاری زیاتر لەسەر لێژنەی یارمەتیی یاسایی (LAB) و شێوازی داواکاریی یارمەتی
لەم ناونیشانییەدا بخوێنییەوە: **www.legalaidboard.ie**

## ناوبژیوانی منداڵان

فەرمانگەیەکە بەدواداچوون بۆ سکاڵاکانی منداڵان و گەنجەکان دەربارەی چالاکییەکانی
ڕێکخراوە گشتییەکان دەکات. بنکەی ئەم ریکخراوەیە لەم ناونیشانەیە: Millennium House,
52-56 Great Strand Street, Dublin 1. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش
پەیوەندییان پێوە بکەی: **1800 202040** یان **01 865 6800** یان ئیمەیل بۆ ئەم ناونیشانە بنێری:
**oco@oco.ie**. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: **www.oco.ie**

## خزمەتگوزاری بەدیهێنانی پەیوەندیی خێزانی خاچی سووری ئیرلەندا

گەر ئەندامێکی خێزانەکەت لە دەرەوەی ئیرلەندا بزر بووە، لەوانەیە بتوانێ یارمەتیت بدات. دەشتوانی
لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **01 642 4600** یان ئیمەیل بۆ
ئەم ناونیشانە بنێرە: **restoringfamilylinks@redcross.ie**. بۆ زانیاریی زیاتر، سەردانی ئەم ماڵپەرە
بکە: **www.redcross.ie/programmes-and-services-in-ireland/find-missing-family/**

## یەکیەتی مافەکانی منداڵان

هێڵی تەلەفۆنی یارمەتیدانی هەیە بۆ منداڵان، گەنجان و خێزانەکانیان یان ئەو کەسانەی لەگەڵ ئەواندا هاریکاری دەکەن بۆ دەستراگەیشتن بە زانیاریی یاسایی. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **01 9020494** یان ئیمەیل بنێرە بۆئەم ناونیشانە: **query@childrensrights.ie**. دەشکرێ کاتی دیدار بۆ نۆرینگەکانی ڕاوێژکاری یاسایی ئەوان بگرییەوە. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە:
**www.childrensrights.ie/content/childrens-access-justice**

## ئەنجومەنی بەرگری لە ستەم دژ بە منداڵانی ئیرلەندا (ISPCC)

دامەزراوەیەکی خێرخوازانەی نیشتمانیی پاراستنی منداڵانە. نووسینگە سەرەکییەکەیان لەم ناونیشانە هەڵکەوتووە: 29 Lower Baggot Street, Dublin 2. خزمەتگوزاریی بیستنی 24 کاتژمێری پێشکەشی منداڵان دەکات کە پێی دەکوترێت ChildLine. ئەم ڕێکخراوەیە و خزمەتگوزارییەکانی تایبەتی و نهێنییە و دادوەری ناکرێت. دەتوانی لە هەموو شوێنێکی ئیرلەنداڕا بە شێوەیەکی بێ-بەرانبەر لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەوە **1800 66 66 66** پەیوەندیان پێوە بکەیت. دەشتوانی سەردانی ماڵپەڕەکەیان بکەیت کە ئەمە ناونیشانییەکەیەتی **www.ispcc.ie**

## بارناردۆس

ڕێکخراوەیەکی خێرخوازانەی منداڵانە کە لە بواری وەدیهاتنی مافەکانی منداڵان و خێزانەکان چالاکی دەکات. نووسینگە سەرەکییەکەیان لەم ناونیشانە هەڵکەوتووە: Christchurch Square, Dublin 8. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **1850 222 300** یان **01 453 0355** یان ئیمەیل بۆ ئەم ناونیشانە بنێرە: **info@barnardos.ie**. دەشتوانیت لە ماڵپەڕەکەمانەوە سەردانی ئەم ناونیشانییە بکەی: **www.barnardos.ie**

## بەتواناکردنی کەسانی ژێرچاودێری (EPIC)

پاڵپشتی مافەکانی گەنجانی ژێرچاودێری دەکات و هەروەها لەگەڵ ئەو گەنجانەی ئامادە دەبن ئیتر لەژێر ژێرچاودێری نەبن و هەروەها پاش چاودێری هاریکاری دەکات. دەتوانی لە ڕێگەی ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندی بکەی بە نووسینگەی EPIC: **01 872 7661**. ناونیشانی نووسینگە سەرەکییەکەیان لەم ناونیشانە هەڵکەوتووە: 7 Red CowLane, Smithfield, Dublin 7.
بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە بکە: **www.epiconline.ie**

## SPUNOUT.ie

ماڵپەڕی زانیاریی گەنجانی ئیرلەندایە کە لە لایەن گەنجانەوە و بۆ گەنجان دروست کراوە. ئەم ماڵپەڕە لەسەر کۆمەڵێک بابەتی جیاوازی وەک پەروەردە، کار و تەندرووستی زانیاری پێشکەش دەکات. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: **www.spunout.ie**

## BeLonG To بۆ خزمەتگوزارییەکانی گەنجان

ڕێکخراوەی نەتەوەیی پاڵشتی گەنجانی هاوڕەگەزبازی ژن، هاوڕەگەزبازی پیاو، دووسەرە(نەنێرنە مێ)،ڕەگەزگۆڕدراو، نێرومێیە (LGBTI+) لە ئیرلەندایە. ئەم ڕێکخراوەیە زانیاری و پاڵپشتی نهێنی و بەبێ دادوەریکردن پێشکەش دەکات. ئەوان گرووپە گەنجەکانیش بەڕێوە دەبەن. ناونیشانییەکەی ئەمەیە: Parliament House, 13 Parliament Street, Dublin 2, D02 P658. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **01 670 6223** یان ئیمەیل بۆ ئەم ناونیشانە بنێرە: **info@belongto.org**. دەتوانی زانیاریی زیاتر دەربارەی BeLonG To لەم ناونیشانییەدا بخوێننەوە **www.belongto.org**

## ئەنجومەنی پەنابەرانی ئیرلەندا

بنکەیەکی یاسایی سەربەخۆ هەیە و خزمەتگوزاری بەبێ کاتی لەوپێش دیاریکراوی هەیە کە ڕەنگە بتوانێت وەڵامی پرسیارەکانی تاکەکان بداتەوە و هەندێک زانیاری پێشکەش بکات. هەروەها لە بواری ڕەوتی پەنابەریشدا هاوکاریی گەنجەکان دەکات. ناونیشانەکەیان ئەمەیە: 37 Killarney Street, Mountjoy, Dublin 1 و دەتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەشەوە پەیوەندیان پێوە بکەی **01 764 5854**. ناونیشانی ماڵپەڕی ئەنجومەنی پەنابەرانی ئیرلەندا ئەمەیە: **www.irishrefugeecouncil.ie**

## NASC ئیرلەندا

خزمەتگوزاریی بێبەرامبەری هەیە و ڕێنمایی یاسایی و زانیاریی لە کۆمەڵێک بواری پەیوەست بە کێشەکانی کۆچ و پەنابەریدا پێشکەش دەکات. ناونیشانییەکە ئەمەیە: 34 Paul Street, Cork, T12 W14H و دەشتوانی لە ڕێگەم ئەم ژمارە تەلەفۆنەشەوە پەیوەندیان پێوە بکەی **021 427 3594**. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: **www.nascireland.org**

## Doras Luimni

ڕێنمایی یاسایی و زانیاریی لە کۆمەڵێک بواری پەیوەست بە کێشەکانی کۆچ و پەنابەریدا پێشکەش دەکات. ناونیشانییەکەیان ئەمەیە:Central Buildings, 51a O'Connell Street, Limerick. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **061 310 328**. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: **www.dorasluimni.org**

## کرۆس‌کەیر

پێشکەشکردنی زانیاری و ڕێنمایی لەسەر شوێنی نیشتەجێبوون، خۆشبژێوی کۆمەڵایەتی، پەروەردە، یەکخستنەوەی خێزان و پرسەکانی تری پەیوەست بە کۆچ. ناونیشانی بنکەی خزمەتگوزاری کە پێویست ناکات کۆچبەران بۆ دیدار کاتی لەوەپێش دیاری بکەن ئەمەیە: 1 Cathedral Street, Dublin 1. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **01 873 2844** یان ئیمەیل بۆ ئەم ناونیشانە بنێرە: **crs@crosscare.ie**. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە **www.crosscare.ie/refugee-service**

## JRS (خزمەتگوزاریی پەنانەری جەزوێتی)

ئیرلەندا یارمەتی ئەو کەسانە دەدات کە داوای دەستڕاگەیشتنی ڕاستەوخۆی پەنابەری، پۆلەکانی زمان و پشتگری دەروونی کۆمەڵایەتی دەکەن. ناونیشانی نووسینگەی سەرەکی ئەمەیە:
54-72 Gardiner Street UpperDublin 1 D01 TX23. دەشتوانی لە ڕێگەی ئەم ژمارە تەلەفۆنەی خوارەوەش پەیوەندییان پێوە بکەی: **01 814 8644** یان دەتوانی فۆڕمی پەیوەندی لە ماڵپەڕی پەیوەستدا پڕ بکەیەوە: **www.jrs.ie/index.php/contact**. دەتوانی زانیاریی زیاتر لەسەر JRSی ئیرلەندا لەم ناونیشانییەدا بخوێنییەوە: **www.jrs.ie**

## SPIRASI

یارمەتی پێشکەشی ڕزگاربووانی ئەشکەنجە دەکات و خولی بێبەرامبەر لە کۆمەڵێک بواری جیاوازی وەک زمانی ئینگلیزی، توانستەکانی کۆمپیۆتەر و هونەر پێشکەش دەکات. ناونیشانەکەیان ئەمەیە : 213 North Circular Road, Phibsborough و دەشتوانی لە ڕێگەم ئەم ژمارە تەلەفۆنەوە پەیوەندیان پێوە بکەی **01 838 9664**. بۆ زانیاریی زیاتر سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکە: **www.spirasi.ie**

# ئەم ڕێنماییە لە لایەن نووسینگەی کۆمیساریای باڵای ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ کاروباری پەنابەران (UNHCR) لە ئیرلەندا ئامادە کراوە.

UNHCR لەگەڵ حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوبەشکانی تری هاریکاری دەکات بۆئەوەی پەنابەران، داواکارانی پەنابەری و کەسانی بێ وڵات بپارێزێت.
دەتوانی سەردانی ماڵپەڕەکەمان بکەیت: **www.unhcr.org/en-ie**

گەر پێتخۆشە پەیوەندی بە نووووسینگەکەمانەوە بکەی ، دەتوانی ئیمەیل بۆ ناونیشانی **ireduprt@unhcr.org** بنێری یان بەم ژمارە تەلەفۆنە **01 631 4510** تەلەفۆنمان بۆ بکەی.
ناونیشانی نووسینگەکەمان ئەمەیە: 102 Pembroke Road,
Ballsbridge, Dublin 4.

UNHCR
The UN Refugee Agency

102 Pembroke Road,
Ballsbridge, Dublin 4, Ireland

+353 (0)1 631 4510 تەلەفۆن
ireduprt@unhcr.org
www.unhcr.org